

## له سلێمانیەوە.. بۆ قەزوین

## لەژیانێکی ئاساییەوە.. بۆ بەردەم پەتی سێدارە

ئاسۆ

له ژمارەی(١٧)ی ڕۆژنامەی زادگە، هەواڵێك بلاّوكرايەوه سەبارەت بە حوكمی لەسێدارەدانی كوردێك له كۆماری ئیسلامی ئێران بە تۆمەتی سەرۆكايەتی كردنی گرپێكی دزی و مافيايی، بۆ زياتر بەدواداچوونی ئەم حاڵەتە ئەم ڕاپۆرتەمان ئامادەكرد.

*سەرەتای چیرۆكەكە:

محەمەد عەلی ـ كە لاوێكی شاری سلێمانی بووەو لەساڵی ١٩٧٧ هاتۆتە ژيانەوە، خاوەنی هاوسەرێك و چوار منداڵ بوو، سەختی بژێوییو هەژاری بنەماڵەكەی و بەمەبەستی پەيداكردنی ژيانێكی ئاسوودە و بەختەوەر بۆ خۆی و خێزانەكەی ڕووی كردە كۆماری ئيسلامی ئێران، بەلاّم لەوێش بەخت ياوەری نەبوو بەهەمان شێوەی ولاّت توشی بارودۆخ و حاڵەتێكی بژێوی سەخت بووەو بۆيە بڕياری دا بەهەر جۆرێك بووە بژێويی پەيدابكات بۆ خێزانەكەی، ناچار دەست دەكات بە قاچاخچێتی چەك و بازرگانی دەمانچە لە شاری

قەزوین لە دواتریشدا لە گروپێکیقەوتەوە دەئالێت و چیرۆکەکەی بەزیندانی کردن و بڕیاری لە سێدارەدان کۆتایی پیێ هات.

*خانوویەك لەکەناردا:

شەوێکی فێنکی ئەم هەفتەیە بۆ ئامادەکردن وزانیاری وەرگرتن بۆ ڕاپۆرتەکەمان ڕومان کردە ماڵی باوکی(محەمەد) ماڵێك لە کەناری گەڕەکێکی میللیدا، خانویەکی زۆر بچوك و گڵ کە سیمای ژیانی تێدا بەدینەدەکرا هەرچەندە باوکی هەناسەیەکی بۆ غەمی کوڕەکەی هەڵکێشاو بەزمانێکی پڕ حوزنەوە ووتی ئەم خانووەش بەر شەقام دەکەوێت، کەچووین باوکی ڕدێن سپی کەووردە پێکەنینێکی پڕ غەم لەسەردەمی بوو تەنها لە سوچێکی ژورەکەدا بەدیار (T.V)ی ڕەش و سپی یەوە دانیشتبوو سەرەتا دەربارەی (محەمەد) لێمان پرسی و ئەویش ووتی: محەمەد بەهاوسەرەکەیەوە شەش سەر خێزان بوو، منالە گەورەکەیان تەمەنی نزیکی شەش ساڵەو ئەوانی تر هەمووی بچوکن، دووساڵ و حەوت مانگ بوو لەئێران دژیا و جارجارێکیش دەگەڕایەوە بەڵام پار لە٦/٥ دا گیراوە لەئێران، لەلایەن کەسێکەوە کە ئەویش لەگەڵیدا لەسجن دەست بەسەرکرابوو بەتەلەفۆن لەڕێگەی ماڵێکی خزممانەوە هەواڵی ئەوەی پێدام کە(محەمەد) لەئێران دەستگیرکراوە.

*هۆکاری دەستگیر کردنی محەمەد:

محەمەد لەئێران تۆمەتی ئەوەی دراوەتەپاڵ کە قاچاغچی و بازرگانی چەك و چۆڵ بووە و هاوکاتیش سەرپەرشتی باندێکی دزی کردووە،

هەر لەو بارەیەوە کاك(علی عبدالله) باوکی ووتی: تۆمەتی ئەوەیان داوەتە پاڵ کە دەمانچەی پێ بووە، بەلاَم ئەو دەڵێ دەمانچەم پێنەبووە، بەلاَم دەمانچەم فرۆشتوە لە شاری قەزوینی ئێران. ئەو لێرە دوو دەمانچەی بردوو لەوێ فرۆشتوویەتی بەخەڵك، ئەو کەسانەی کە ئەو دەمانچەی پێ فرۆشت بوون گیراون و پۆلیس پێی ووتون لە کێتان کڕیوە، ووتبویان لە(محەمەد)مان کڕیوە، وتویانە محەمەد ـ لەکوێیە؟ ووتبوویان لە سلێمانی‌یەو ماڵی هەرلەوێ یە کاتێك پرسیمان کە ئەو دووکەسە بۆچی ئەو دەمانچەیان لێکڕیوەو خەڵکی کوێ بوون،، دیسان باوکی محەمەد ووتی: ئەو دووکەسەی کەدەمانچەکانیان پێ گیراوە عێراقی بوون، و لەوێ بەدەمانچەوە ڕاوو ڕوتیان کردووە، بەلاَم هیچ کەس نیە کەبڵێ لەلایەن ئەمانەوە شتمان لێسەنراوە، بەس ئەوەیە حاکمەکە حوکمی داوە بەسەریاندا، دواتر ووتی: ئێران دەڵێ ئەوانە شەبەکەبون، وناوی شەبەکەیان لێ ناوە، وە ووتیان ئەگەر یەکێك بێت دەڵێین تاکە کەس، ئەگەر بوون بەدوان پێی دەڵێن گروپ، بەلاَم کە بوو بەسیان و چوار دەبێ بەشەبەکە.

*چۆنیەتی دەستگیر کران:

محەمەد پاش ئەوەی چەند دەمانچەیەك لە ئێران دەفرۆشێ دەگەڕێتەوە بۆ باوەشی ماڵ و منداڵەکەی تابەو بڕە پارەیەی پەیداکردووە بۆ تاوێك پشوو بدات لەتەك ئەندامانی بنەماڵەکەیدا بەلاَم بێ ئاگا لەوەی کە موشتەرییەکان لە ئێران دەستگیر کراون و

ناوی ئەوییان درکاندووە دواتر لە ڕێگەی دووکەسەوە بە فێڵ دەبرێتەوە ئێران و لەوێ تەسلیم بەپۆلیس دەکرێ هەر باوکی ئەو لەو بارەیەوە ووتی: ئەو کەسانەی کەدەمانچەکانیان پێ گیرابوو ووت بوویان ماڵی(محەمەد) لەسلێمانی‌یە، دواتر پۆلیس وت بوویان کێ ئەم کەسەمان بۆ دەهێنێ دووکەس کەیەکێکیان ماڵی لە قەزوینەو ئەوی تر کەرکوکی‌یە وتبوویان ئێمە دەتوانین بیهێنینەوە ئێرە، ئیتر خۆتان دەتوانن بیگرن و دەستەبەری بکەن. لەوەڵامی ئەوەی ئەوان بەچ شێوەیەك محەمەدیان بردەوە بۆ ئێران باوکی ووتی: ئەو دوو کەسە هاتن بۆ ئێرە بۆلای محەمەد، سێ سەد دیناریان داپێی و ناردیان بۆ ئێران بەمەبەستی هێنانەوەی هاوسەرو خێزانی یەکێکیان، وەپێ یان ووتبوو گەر هاتیتەوەو ژن و مناڵەکانت هێناین ئەوا پارەی ترت دەدەینێ، ئەمە یەکێکیان کەرکوکی‌یەو یە کێکیان ماڵی لەقەزوینە، ئەمەیان ناردبووی بۆ ئێران و ئەویتریان لەوێ دابووی بەگرتن.

*بڕیاری دادگا:

دادگای ئێران بەپاساوی تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی تاکە حوکمێکی بەسەر ئەم لاوەدا داوە کەلە سێدارە دانە، هەرچەندە بنەماڵەکەیان هەوڵیانداوە بۆ ئەوەی ئەو حوکمەی بەسەردا نەچەسپێ بەڵام هێشتا ناکام ماوەتەوە نەیانتوانیوە ڕای داداگای ئێران بگۆڕن، باوکی لەو بارەیەوە ووتی: ئەوە پێنج ڕۆژە دایکی و هاوسەرەکەی چوون بۆ ئێران لەگەڵ کەسێکدا کە خەڵکی مەریوانە و

فارسی دەزانێت و کەسێکیان کردووە بەواسیتە هەتاوەکو بگەن بەنەتیجەیەك بەڵام پارێزەرەکەی دەڵێ من چاری ناکەم، هەروەها ووتی: چەندەها کەسمان ناردووە بەڵام هیچ مان بۆ نەکراوە، بەڵام کەسێك ووتی(٢٥٠)هەزار دیناری سویسریم بدەرێ بۆت دەهێنمە مەریوان، بەڵام من(٢٥٠)هەزار دینارم لەکوێ بوو؟ ئەمرۆ تەلەفۆنم بۆ ئەوان کردووە لە ئێران دەڵێن هیچ نەتیجەنەبووە، چوارشەممە سەردانی خۆی دەکەن، بەڵام کەسێك پێی ووتون بەڵکو بتوانم مۆڵەتتان بۆ وەربگرم و بچنە لای(شەرۆنی)و تا لەحوکمی ئیعدام ڕزگاری بکات ، ئیتر سجن قەیناکە وە ئەگەر حوکمی ئیعدامی لەسەر لاچێ حوکمی زیندانی هەتاهەتایی دەدرێت.

*هەوڵەکان بۆ گۆڕینی بڕیاری دادگا:

بنەماڵە هەژارەکەی (محەمەد) هیچیان لە دەست نایەت جگە لەوەی هانابەرن بۆ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ئەم خێزانە زۆر هەوڵیانداوە کەلایەنە بەرپرسەکان ژیانی کوڕەکەیان لە مردن ڕزگار بکەن بەڵام دەسەڵاتداران و لایەنە پەیوەندی دارەکان ئەم کارەیان نەکردووە و وەڵامیان نەبووە، کاك عەلی باوکی محەمەد لەم بارەیەوە ووتی: ئێمە لێرە زۆر خەریك بووین و چووینە لای ڕێکخراوی ماف مرۆڤ، چووینە قەلاچوالان و چووینە لای ئەمریکیەکان دووبەدوو لەگەڵ دایکیدا هەوڵمانداوە و هیچ کەسێکی تر نەبووە هاوکاریمان بکات و بەدەنگمانەوە بێت. ماف مرۆڤ ووتیان، ئێمە داواکارین لە سکرتاریەتی مام جەلال کەیارمەتی ئەم ژن و پیاوە بدرێت بۆ

کێشەی کوڕەکەیان، بەڵام ئەوان هەر جوابیان نەداینەوە، ووتیان ئەمرۆ بڕۆن سبەینێ وەرنەوە، بەم شێوەیە هیچمان بۆ نەکرا و چەندجارێك چووین ووتیان کەسی لێنییە بۆیە وازمان لێ هێنا، دوایی مافی مرۆڤ خۆی تەلەفۆنی کرد ووتی ئەم ژن و پیاوە چوار مانگە دێن و دەچن بۆ جوابتان نەدانەوە، ئیتر نازانم وەلآمی ئەوان چی بوو لەتەلەفۆنەکەدا. دوایی مافی مرۆڤ ووتیان خۆمان بۆ تان دەنێرین بۆ لەندەن بۆ مافی مرۆڤی ئەوێ، ئەگەر خۆمان مافی مرۆڤمان هەبێ بۆ بینێرین بۆ لەندەن.

*داواو پێشنیاز:

تائێستا هیچ کەس و لایەنێك ئاوڕی لەژیانی ئەم هاوڵاتی‌یە کوردە نەداوەتەوە کەوا نابینێرت تاوانێکی وای کردبێ کە شیاوی لە سێدارەدان بێت، بۆیە بنەماڵەی ناوبراو لەزمانی باوکی‌یەوە ووتی: هیوادارین شتێکمان بۆبکرێت، داوادەکەن کەبە هەرشێوەیەك بووە کۆتایی نەهێنرێت بەژیانی کوڕەکەیان کە لەپێناوی پەیداکردنی بژێویدا توشی ئەم هەڵەیە بووە. وەپێشنیازیش ئەوەیە کە جێی خۆیەتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و لایەنە پەیوەندی‌دارەکان و خێرخوازان ئاوڕ لەژیانی هاونیشتمانی‌یەکی خۆیان بدەنەوە کە لە وولاتی بێگانەدا چارەنووسی ژیانی لەبەردەم لەناو چوون و مەترسیدایە. دواجاریش باوکی محەمەد ـ بەرلەوەی ماڵئاواییمان لێبکات بە دڵێکی پڕەوە ووتی: هیوادارین کەشتێکمان بۆ بکرێت بۆ ڕزگار بوونی کوڕەکەمان، ئەوەی لەسەرشانی ئێمە بوو ئەوەیە ئەم

حاڵەتە بخەینە بەردەم ڕای گشتی و بەردەستی لایەنە پەیوەندی دارەکان و چاوەڕوانین کە بەتەنگ ژیانی ئەو مرۆڤە کوردەوە بچن.

ئا/ ئاسۆ